کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:13 19-4-2007

## 4/16 و ڕۆڵی دکتۆر زریان. ... هاوری رواندزی.

چەند رۆژێك بەر لەئەمرۆ بەرنامەیەکی تایبەتم لەگەڵ دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان سازکرد سەبارەت بەگێرانەوەی کارەساتی کیمیابارانی بالیسان و شیخ وەسان کەلەساڵی 1987 رژێمی لەناوچووی بەعس بەچەکی کیمیاوی ئەو ناوچەیە ی بۆردمان کرد. کە ئەوکات دکتۆر زریان دکتۆری شۆرش بووە لەخەتی نەخۆشخانەیەکی بچوکیان هەبووە بۆ تیمارکردنی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە، بەرنامەکەی من مەیدانی بوو واتا چوینە ناوچەکە لەوی بەرنامەکەمان تۆمار کرد بەڵام ئەوەی جێگای باسکردنە خەڵکی ناوچەکە زۆر بەپەرۆشەوە پێشوازیان لەدکتۆر زریان کرد و رۆژانی رابردوویان بیر هاتەوە کەچۆن دکتۆر زریان چارەسەری کردوون. بەرنامەکەی من بەناوی شانزەی چوارو نەخۆشخانەی شۆرش بوو لە کەناڵی کوردسات و کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دابەزی و مەدحی خۆم ناکەم خەلکانێکی زۆر لەناوەوە و دەرەوە دەستخۆشیان لێکردم کە ئەو بەرنامەیەم لەگەڵ دکتۆر زریان سازکرد کەئەو کات دەورێکی باڵای هەبووە لەناوچەی خۆشناوەتی چ وەکو پێشمەرگەیەك چ وەکو پزیشکێی شۆرش لەو کاتە ی کەرژێم بۆردومانی ناوچەکە دەکات بەکیمیاوی لەنەخۆشخانەی خەتی چارەسەری بریندارەکان دەکات و زۆربەیان لەمردن رزگار دەکات، من لەو نوسینەمدا دەمەوی باس لەلانکەی کورەکەی دکتۆر زریان بکەم کەلەکاتی تۆمارکردنی بەرنامەکەم لەئەشکەوتێك بینیمان لەخەتی، ئەو لانکە دوای چەندین ساڵ لەشوێنی خۆی وەك خۆی مابۆوە کە هی کورەکەی بوو ئێستاش کورەکەی خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی یە لەبەریتانیا، وەکو یادگاریەك و خۆشەویستی بۆ ئەو رۆژانەی خەبات دکتۆر زریان لانکەکەی بردەوەو زۆر پەرۆشیش بوو، پێش بچینە ئەو شوینە هەر لەخەتی دکتور زریان شوێنێکی نیشان دام ووتی کورینە نەلێن لەخۆیەوە بۆوەتی وەزیر ئەمە ماڵی ئێمەبووە لەخەتی کە شوێنەکە هەر (دوو مەتر) دەبوو، بۆیە هاتمەوە تەلەفزیۆن بەبرادەرانم ووت کورینە دکتۆرێك لەساڵانی هە شتاکان لەهیچی کەم نەبێت دکتۆر بیت بەڵام رێگای خەباتی پێشمەرگایەتی هەڵبژێریت و لەشوێنیك بەماڵ و منداڵیەوە ژیان بەسەر ببات کەتەنها دوو مەتر بێت. بۆ ئێستا وەزیر نەبێت، بۆیەدەلێم دکتۆر زریان تۆ شایستەی زور پۆستی گەورەتری بەرامبەر بەو خەباتەی کردووتە بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان.



hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.